# نامەیەکی کراوە بۆ کەسوکاری دکتۆر کەمال سەیید قادر

خەتاب سابیر
14-11-2005

بەڕێزان ئەوە نزیکەی سێ هەفتەیە ، بەبێ هیچ بڕیارێکی دادگا دکتۆر کەمال زیندانیی کراوە ، 12 ڕۆژی یەکەم هەر بێسەروشوێنکرا، هاوکات خەڵکێکی زۆر لەنووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد ،بە ڕێژەی بەرچاوتر نووسەران و ڕۆشنبیرانی هەندەران لەسەر ئەم بێسەروشوێنکردنە، هەڵوێستیان وەرگرتووە. سەرەڕای سەدان واژۆی کۆکراوەو هەڵوێستی دلێرانەی ماڵپەرە کوردییەکان و ڕۆڵی ( ڕۆژ تی ڤی ) و ژووری کوردستان یونایتید( لە پاڵتۆکدا ) و رادیۆکان و ڕێکخراوی چاک و چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی و پیشەیی تری کوردیی، جگە لە چەندین ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لەبواری مافی مروڤ و ئازادییدا، کەچیی هێشتا پارتیی دیموکراتی کوردستان کەمترین ڕێز بۆ ڕای گشتیی خەڵک دانانێت و نایاتە وەڵام لەسەر داواکارییەکان کە لای کەم ئازادکردنی دەستبەجێی د.کەمال سەیید قادرەو دواتر لەڕێگەی دادگایەکی ئاشکراو ئازادەوە کێشەکە ببرێتە پێشەوە .

یەک خاڵی زۆر گرنگ هەیە ، کە ئێوەی کەسوکارو خزمان و دۆستانی دکتۆر کەمال سەیید قادر ، دەبێت دڵنیا بن کە ئەو شەپۆلە بەرفراوانە لە یەکدەنگیی و پشتیوانییکردنی دکتۆر کەمال ، لە خۆشەویستیی و هۆگریی تایبەتییەوە نییە ، ئەوەندەی خەڵک پەرۆشی ئازادیی و پێشێل نەکردنی مافە تایبەتیی و گشتییەکانی تاکی کوردە لەلایەن دەسەلاتی سیاسیی کوردەوە. چونکە لای کەم لەو سەدان کەسەی وەگاڵە هاتوونە لەسەر ئەو ، چەند کەسێکیان نەبێ دکتۆر کەمال ناناسن لە نزیکەوە.

دکتۆر کەمال ، بووە بەسیمبوڵی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و ڕەخنەگریی لە دەسەلاتی سەرەڕۆی کوردیی . ئەمە لەخۆوە نەبووە. پێش بێسەروشوێنکردنی د.کەمال ، لەناو دەیان کەسێکدا ناسرابوو، بەڵام ئێستا لەناو ملیۆنەها خەڵکی کوردستاندا ناسراوە. لەناو سەدان خەڵکی بیانیی و ئەوانەی لەبواری مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا کاردەکەن ، ناسراوە . خەڵک کینەو ڕقی لەپارتیی دیموکراتی کوردستان نییە، ئەوەندەی کینەو ڕقی لە گەندەڵیی و ملهوڕیی دەسەلاتی سیاسیی کوردە.

وەک یەکێک لەسەرسەختترین داکۆکییکەران لە ئازادیی دەستبەجێ بۆ د.کەمال، حەزمکرد چەند پێشنیازێکتان پێ بگەیەنم. لەوانە:

1. تا ئێستا ئەو راگەیاندن و هەواڵانەی داوتانە لەسەر هەلومەرجی ژیانی دکتۆرکەمال لە زینداندا، کەموکووڕیی زۆر پێوە دیارە، ئەمە بەزیانی دکتۆر کەمال دەگەڕێتەوە، ئێوە هەر کەسێکتان هەڵدەستێ ، لە ئاڵمانیاوە ، لە سوێدو نەمساوە ، لەکوردستانەوە لەسەر دکتۆر کەمال راگەیاندنێ بلاو دەکاتەوە،ئێوە بەشێوەیەک باستان لە چۆنییەتی ژیانی دکتۆر کەمال و تەندرووستیی ئەو کرد، کە زۆربەی ئەوانەی لایەنگری ئازادیی د.کەمالن، تووشی شۆک بوون . لەلایەکەوە راگەیاندنی پارێزەرەکەی د.کەمالتان بەرپەرچدایەوە ، لەلایەکی ترەوە راگەیاندنەکانی پێشووی خۆتان بەرپەرچدایەوە . ئەوە شتێکی چاکە راستییەکان وەک خۆی بگوێزرێنەوە، بەلام نەک بەم شێوەیە، ئەمە بێسەرەوبەرەیی دەگەیەنێت، ئێوە دەبێت قسەکەرێکی فەرمییتان هەبێت ، نەک هەرکەسێ لەئاست خۆیەوە ببێ بە قسەکەر، مەرجیش نییە ئەو قسەکەرە خوشک و براو خزم و نزیکی دکتۆر کەمال بێت .

2. سەرەڕای ئەوەی دکتۆر کەمال قادر پارێزەری هەیە ، بەلام ئەو پارێزەرە بەرەچەڵەک کوردە هەرچەندە کەسێکی بەتواناو چاونەترسیشە ، بەلام لەکاتێکدا دکتۆر کەمال هەڵگری ڕەگەزنامەی نەمساییە ، باشترە پارێزەرێکی هەبێت لە یاسای نێودەوڵەتییدا ( International Law ) پسۆرییەکی باشی هەبێت ، یان لای

کەم ئەندامێکی ستافی پارێزەرەکەی بێت . چونکە دڵنیابن هیچ پارێزەرێکی کورد لەژێر سەرەنێزەی دەسەڵاتدا ناتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەتەواوەتی جێبەجێ بکات، جگە لە پارێزەرانی نێودەوڵەتیی. بۆ ئەم کارەش بەدڵنیاییەوە پێویستتان بەپارەیەکی زۆر دەبێت و ئێوەش توانای ئەو برە پارەیەتان نییە. بەلام دڵنیابن ، دڵی هەزاران کەستان لەگەڵدایە ، کۆکردنەوەی پارە لەڕێگەی راگەیاندنێکەوە لە سایتەکوردییەکان و رۆژنامەکانی کوردستاندا ئەم کەلێنە پڕدەکاتەوە. خاوەنی ئەم چەند دێرەش یەکەم کەس دەبێت ، لەرووی داراییەوە کۆمەکی ئەم کەیسە بکات .

3. بەهۆی بێسەروشوێنکردنی د.کەمالەوە، زۆرێک لەوانەی کە بەگژ هەڵسوکەوتی تۆتالیتاریانەی دەسەڵات و حکومەتی هەرێمی سەر( بەپارتیی ) دا چوونەتەوە و پرۆتسۆی ئەو کارەیان کردووە و داوای ئازادکردنی د.کەمال دەکەن ، کەوتوونەتە بەر هێرشێکی زۆر ئاست نزم و قسەی بازاڕییەوە بەزمانی عەرەبیی لە سایتی فەرمیی حکومەتی هەولێرو[1] و سایتی پەیامنێردا [2] . هەر لەم روانگەیە ، ئەو شەپۆلە لە ترس و تۆقاندن و چاوشکاندن و هەڕەشە لە ژووری کوردستان یونایتید و هەموو ئەوانەی دژی سیاسەتی فڕاندنی[3] د.کەمال وەستاونەتەوە ، جگە لەوەی کولتوورێکی بەعسییانەیە بۆ تیرۆرکردنی نەیاران و رەخنەگران ، هاوکات زۆر شەرمەزاریی و ریسواییەکی گەورەیە بۆ بەڕێز و باڵای دەسەڵاتی سیاسیی ، بەو قسە سووک و ناشیرینانە دەنگی خەڵک کپ بکەنەوە .

هیچ کەسێ لەوانەی بەو کولتووورە بەعسیی و زمانی دەوڵەتی پۆلیسییەوە هێرش دەکرێتە سەری، کێشەیەکی تایبەتی لەگەڵ ماڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتییدا نییە. کێشەکە کێشەی نێوان سەرکوتی سیاسیی و زمانبڕینی ڕەخنەگرانە لەلایەک و پیاوانی حیزب و نووسەرەکانی حیزب و لۆژیکی قۆرخکردنی دەسەڵاتە لەلایەن حیزبەوە . ئەم کولتووورە خراپە دەبێت لەلایەن ئێوەوە لەپێش هەموو کەسێکدا سەرکۆنە بکرێت ،هەروەها ئەرکی ئێوەشە دەبێت بەخەڵک بڵێن ئەوە نووسەران و ئەدیبان و رۆشنبیران و ئازادیخوازان بۆچیی زمانتان کڵۆمی لێدراوەو قەڵەمەکانتان فریشکی کەوتووە و لەسەر ئەو جۆرە کولتووری تیرۆرکردنەی نەیارانی دەسەڵات "نا"یەکی گەورە ناڵێن .

4. ئێوە دەبێ لەنێوان خۆتاندا هەوڵبدەن ، چ بەشێوەی لیژنەیەکی کارا یان کۆمیتەیەک ، هەوڵبدەن ئەو هەموو چالاکیی و ناڕەزایەتییانە بەشێوەیک ئاراستە بکەن ، کە بەخزمەتی ئازادکردنی دکتۆر کەمال و رێگرتن لەدەسەلاتی سیاسیی بۆ ئەوەی جارێکی تر نەوێرێت هەروا بەئاسانی نووسەران و رۆشنبیران و هیچ کەسێک لەسەر رەخنەگرتن بێسەروشوێن بکات . هاوکات ئەرکی هەموو ئەو ئازادیخواز و کەسایەتی و لایەنانەیە تا ئێستا بەدەنگ هاتوونە، یان لەمەودوا بەدەنگ دێن ، کە چالاکییەکانیان بۆ ئازادکردنی دکتۆر کەمال ، بەیەک ئاراستەدا بەرن و کۆبکرێنەوە لەژێر هەر چەترێکدا بێت بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەریی هەبێت .

5. زۆر گرنگە ، ڕێگە نەدەن ئەم کەمپەینە بەرفراوانە ، هەندێ کەس و لایەنی سیاسیی بە قازانجی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان ، بۆ مەبەستی تایبەتی و تۆڵەکردنەوە لە پارتیی ، لەدەستی ئێوەو هەموو ئەوانەی بسەنن کە بۆ ئازادیی دکتۆر کەمال هاتنە دەنگ و بە ڕێگەی تردا ببەن.

---

[1] http://web.krg.org/articles/article_detail.asp?ArticleNr=7346&LangNr=14&LNNr=35&RNNr=69

[2] http://www.peyamner.com/article.php?id=26812&lang=arabic

[3] رفاندن

6. بۆ گەیاندنی بۆچوونەکانی خۆتان بە خەڵک و بە لایەنگرانی ئازادیی بۆ د.کەمال ، باشترە بە نووسراو و بەفەرمیی، بۆچوونەکانتان دابڕێژن و بەنووسین بڵاوی بکەنەوە . بۆ ئەوەی تووشی هەڵەو قسە بەریەککەوتن نەبن و دواتریش پاشەکشەی لێبکەن ، باشترە چەند کەسێک لەخۆتان و چەند کەسێکی دڵسۆز و بەتوانا و خاوەن ئەزموون و کەسانی پسپۆر لە یاسادا (هاوکاریی) تان بکەن.

لە کۆتاییدا ، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، لەمێژووی دوورو نزیکی گەلی کورددا، هیچ کەمپەینێک بۆ ئازادیی قەڵەم و بیروڕا ئەوەندە کاریگەرو بەربڵاو نەبووە و پرۆتێست ( protest ) نەکراوە . هەرچەندە بەپێی پێوسیت زۆرێک لەنووسەران و رۆشنبیران و ئاکادیمستان و ئازادیخوازان و لایەنی سیاسیی کەدەبووایە بەدەنگ بهاتنایە، کەچیی بەدەنگ نەهاتوون . بەلام کەمپەینەکە درێژەی هەیەو بەدڵنیاییەوە چەندین نووسەرو رۆشنبیرو کەسایەتی تر بەدەنگ دێن،واتە سەرزەنشتکردنی دەسەڵاتی سیاسیی درێژەی هەیەو بەشێک لە ئەوانەی تا ئێستاش بەدەنگ نەهاتوونە، نیشانەی ئەوە نییە کە لایەنگریی دەسەڵاتی سیاسیین ، نابێت دەستی تاوان بۆ هیچ کەسێک ببرێ لەئێستادا، راستە بێ دەنگیی بۆ خۆی بەشێکە لە سەرلەقاندن بۆ دەسەڵات ، بەڵام دڵنیابن ، بەرەی ئازادیخوازیی و بەرەی خەڵک دژی دەسەڵات و گەندەڵییە سیاسیی و کولتووریی و ئابوورییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی رۆژ بەرۆژ بەرفراوانتر دەبێت.

خۆپیشاندانەکەی کەلار دژی گەندەڵییەکانی دەسەڵاتی میرنشینی سەوز ، سەراپای حکومەتی یەکێتیی لەرزاند و بەئاگای هێنایەوە کە خەڵک پڕبووە لە گەندەڵیی و سەرەڕۆیی دەسەڵات ، بەهەمان شێوەش ، بێسەروشوێنکردنی دکتۆر کەمال سەییدقادر سەراپای دەسەڵاتی سیاسیی پارتیی و میرنشینی زەردی هێنایە لەرزین ، لەراستییدا ، وەرچەرخانێکی گەورەی هێنایە ناو ئازادیی رۆژنامەگەریی و رەخنەگرتن لە نووکی دەسەڵات لە کەللەی دەسەڵات ، ئەم وەرچەرخاندنە دەبێ دەستی پێوە بگیردرێ و گەشەی پێ بدرێ. ئێوەش دەبێ وەک کەسوکاری دکتۆر کەمال رۆڵێکی کاراتان هەبێ لە گەشەدان بەو شەپۆلی پرۆتێستکردنە بەرامبەر بەدەسەڵاتدارانی سیاسیی و مۆنۆپۆلکەرانی کوردستان ، ئێوە دەبێ ئامانجتان تەنها وەتەنها ئازادکردنی دکتۆر کەمال نەبێت ، دەبێت بەهاوکاریی ئەو شەپۆلە پانوپۆڕەی ( نا) بۆ دەسەڵاتی سیاسیی ، (نا) بۆ بێسەروشوێنکردنی هیچ کەسێک بەبیانووی رەخنەگرتنەوە لەدەسەڵات ، ئەم پرۆتێستە برەودارتر بکەن .

بەسوپاس و خۆشەویستیی زۆرەوە .